# هەڵەی پزیشکی لە ڕوانگەی یاسای سزادانی عێراقی لێکۆڵینەوەیەکی فیقهی شیکاری

کارزان فەقێ خەلیل کەریم

بە ش یاسا، کۆلێژی یاسا وپەیوەندیە نیودەولەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەرێمی کوردستان، عێراق

## المستخلص

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی زانستییانە و بە گرتنەبەری ڕێبازێکی شیکارییانە لە ژێر ناونیشانی (هەڵەی پزیشك لە ڕوانگەی یاساي سزادان لێکۆڵینەوەیەکی فیقهی شیکاری) دەپرژێتە سەر باس و خواسێکی زور گرنگی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان و تاوتوێی بەرپرسیارێتی هەڵە پزیشکییەکان و سزا و ئەو کەمو کوڕی و کەلێنە یاساییانەی لە یاسای سزادان هەیە بەرامبەر بە هەڵە پزیشکییەکان کە لە کاتی نەشتەرگەری پزیشکی و چارەسەرەکاندا ڕوودەدەن، بەو پێیەی لە ئێستادا کە نەشتەرگەرییە پزیشکییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەکات و زور جار هەڵەی کوشندەی تێدا ڕوودەدەن و دەبنە هۆی تێکدانی تەواوی ژیانی کەسەکان کە کاریگەری لەسەر ژیان هەیە ، بۆیە، ئەم توێژینەوە شیکاری ئەم باسەی کردووە و بەو دەرەنجامە گەیشتووە کە هەڵە پزیشکییەکان، لە هەندێك حاڵەتدا پزیشك بەرپرسیار نابێت و لە هەندێکی تردا بەرپرسیار دەبێت، حاڵەتی بەرپرسیاریش چەندین ئاستی هەیە بە گوێرەی ئاستی فەراموشکاری و گرنگی پێنەدانی پزیشك، بەرپرسیار بوون و نەبوونی پزیشکیش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی پەیوەست بوون و نەبوون بە کۆمەڵێك میکانیزمی دیاریکراو بۆ ڕێکخستنی کاری پزیشکی لە فیقهی هاوچەرخی ئیسلامی و یاسای سزادان و شیکردنەوەی یاسای سزادان و هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی کەموکوڕیەکان و پێشنیارکردن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە..

**الكلمات المفتاحية:** هەڵە، پزیشك، فیقهی هاوچەرخ ئیسلامی، یاسای سزادان، شیکاری.

## 1. المقدمة

یەکێك لە نیعمەتەکانی پەروەردگار بۆ بوونەوەر لەشساغیە، بۆیە لەگەڵ دروستبوونی بوونەوەر لەسەر گوی ئەم زەمینەدا دەردو پەتاو نەخۆشیش سەریهەڵداوە، بۆیە لە دێر زەمانەوە هەوڵی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان دراوە، زانستی پزیشکیش بۆتە جێگای بایەخی مرۆڤایەتی چونکە بە پیشەیەکی گرنگ و هەستیار دادەنرێت، زانستی پزیشکی لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی ڕابردوو پێشکەوتوودا، وە زاڵبوونی بە سەر چەندین نەخۆشی و پەتای کوشندەکە بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتووە، لە پاڵ ئەم پێشکەوتنەدا ژمارەیەکی زۆری هەڵەی پزیشکی تۆمارکران، بە هۆکاری جۆراوجۆرو جیاواز.

زانستی پزیشکی گەیشتووە بە چارەسەری جۆراوجۆری نوێ ونەشتەرگەری بەرێگای تەکنەلۆژیای خێراو ئاسان کە لە دەیەکانی پێشووتر نەبوو، وەکو نەشتەرگەری جوانکاری بە شێوەیەکی تەواو وچاندنی ئەندامەکانی جەستەو نەشتەرگەری بە ڕۆبۆت و هتد... کە ئەمەش بۆتە هۆی زیادبوونی هەڵەی پزیشکی لە بەرامبەر فراوانبوونی کار و پیشەی پزیشکی و تێهەڵکردنی بۆ نێو جەستەی مرۆڤ بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر.

کێشەی هەڵەی پزیشکی بە یەکێك لە بابەتە گرینگ و هەستیارەکان دادەنرێت لەسەردەمی هاوچەرخدا، ئەمەش بە هۆی ئەم پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرو خێرایە لە بواری پزیشکی و تەکنەلۆژی و لێکۆڵینەوەکانی دامەزراوەی چارەسەری و دەزگاکانی توێژینەوەی زانستی لەسەردەمی ئێستادا، هەروەها بەرفراوانبوونی بازنەی تایبەتمەندی پسپۆڕی پزیشکی زۆر ورد لەگەڵ ئەوەشدا هەڵەی پزیشکی ڕووی لە زیادبوون کردووە بە هۆی زیادبوونی چارەسەری پزیشکی و نەشتەرگەری جۆراوجۆر و بایەلۆجی کە کاریگەری لەسەر جەستەی مرۆڤ هەیە.

بابەتی هەڵەی پزیشکی بە یەکێك لە بابەتە هەرە هەستیارو گرینگەکان دادەنرێت لە سەر ئاستی جیاواز بۆ بونەوەری ئەم زەمینەدا ، مرۆڤ توشی نەخۆشی و پەتا دەبن بە سروشتی خۆیەوەو لەگەڵیاندایە تاکو مردن، وە چارەسەری نەخۆشیش بۆ پاراستنی

مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية
المجلد 8، العدد 2 (2024).
أُستلم البحث في 30 أذار 2024؛ قُبل في 20 أيار 2024
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 30 تموز 2024
البريد الإلكتروني للمؤلف:Karzanfaqi@lfu.edu.krd
حقوق الطبع والنشر © 2024 کارزان فەقێ خەلیل کەریم. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp75-86

ژیان و بەردەوامی بە یەکێك لە گرینگترین ڕێگاکان بۆ هاتنە دی مەبەستە مەزنەکانی شەریعەتی ئیسلام کە بریتیە لە پاراستنی مرۆڤ، بۆیە چارەسەری نەخۆش ئەرکێکی ئایینی پیرۆزو پێویستە وەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت (تَدَاوَوْا عِبَادَ اللَّهِ، فَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى لَمْ يَضَعْ دَاءً إِلَّا وَضَعَ لَهُ دَوَاءً) چارەسەری بکەن، چونکە پەروەردگار هیچ نەخۆشیەکی بەبێ چارەسەر دانەناوە، هەروەکو لە پەیماننامەو یاساو ڕێسا جیاوازە نێودەوڵەتیەکان و ناوخۆیەکانیش هاتووە کە چارەسەرکردن مافێکە لە مافە ڕەواکان بۆ گشت مرۆڤایەتی.

بەم هۆیەوە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە دەربارەی بەرپرسیارەتی لە هەڵەی پزیشك لە کاتی چارەسەردا کە بە هۆی سەرهەڵدانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە دابەشی سەر چەندین شێوازو جۆر بووە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی واتای هەڵەی پزیشکی و بەرپرسیاربوون لە ئەنجامدانی هەڵە و ئەو مەرج و بنەماو پێوەرانە چین کە زانایان دایانناوە هەروەها ئەو بەڵگانەی پشتیان پێبەستووە بۆ بەرپرسیارەتی لە هەر زەرەرو زیانێك کە بە نەخۆش دەگات لە ئەنجامی هەڵەی پزیشك لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامدا و یاساي سزاداني عیراقي، لەکۆتایشدا تیشك دەخەینە سەر گرینگترین دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان.

**1.1 کێشەی توێژینەوە**

پیشەی پزیشك ئەرکێکی قورس و پیرۆزە، بۆیە پێویستە پزیشك ڕێز لەم پیشەیە بگرێت و پاراستنی گیان و تەندروستی مرۆڤەکان ئەرکێکی قورسە لەسەر شانی لە میانە جێبەجێکردنی ئەرکی چارەسەریدا، هەڵەی پزیشك و بەرپرسیارەتی پزیشك بابەتێکی نوێ و تازەو هەستیارو گرنگە بۆتە جێگای باس و خواس لە دامودەزگاکان لەسەر ئاستی جیهاندا، بە تایبەتیش لە هەرێمی کوردستاندا بە پێی هەواڵێکی پێگەی (السومريه نيوز) وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند دەستگیرکردنی سێ کارمەندی پزیشکی پەیوەندی بەهەڵەی پزیشکییەوە هەیە کە بووە هۆی بڕینی دەستی منداڵێك لەشاری دهۆک ، هاوکات بەئاماژەکردن بۆ زیاتر لە 90 پزیشك و کارمەندی تەندروستی بۆ دەسەڵاتی دادوەری لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا بەهۆی هەڵەی پزیشکی کە ڕوویانداوە لە هەرێمی کوردستاندا(صحة كردستان: إعتقال ثلاثة من الكوادر الطبية نتيجة خطأ طبي). بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە هەر دەقیقەیەکدا پێنج کەس گیان لە دەستدەدەن بە هۆی هەڵەی پزیشك (ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی: وفاة خمسة أشخاص كل دقيقة بسبب الأخطاء الطبية،2020/9/14) وە بۆتە جێگای گفتوگۆو مشتومڕیەکی زۆرو جێگای سەرنجدان، چونکە ڕێژەی مردن بە هەڵەی پزیشك زیاتر لە ڕێژەی خۆکوشتن بە پێی ئەم ڕاپۆرتەی ڕێکخراوەکە بڵاوی کردیتەوە، بە پێی سەرچاوەی پەرتووکی ( To Err is Human ) لەلایەن ( الأكاديمية الوطنية للعلوم) بڵاوکرایتەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵانە (250) هەزار کەس بە هۆی هەڵەی پزیشکی گیان لە دەست دەدەن بۆتە سێیەم هۆکاری مردن (تقرير بعنوان: الطب الذى يعالجنا يقتلنا أحيانًا.. تعرف إلى الوجه المرعب لـ (ملائكة الرحمة)، )فؤاد،2020)، بە تایبەتی لەم دوایانەدا گرنگی زیاتری پێدەدرێت ئەویش بە هۆی ئەم هەڵە پزیشکیانەی لە میانەی چارسەرکردنی نەخۆشیەکان ڕوویانداوە بە تایبەتیش لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لە جیهان بە گشتی و زانستی تەندروستی بە تایبەتی، چونکە پزیشك مافی زیانگەیاندنی نیە بە نەخۆشەکان لە کاتی چارەسەرداو پێویستە پیشەی پزیشك ئەرکێکی مرۆڤایەتیە دەبێت دوور بێت لە یاری کردن بە ژیانی مۆرڤەکان، پیشەی پزیشك واتە پاراستنی ژیانی مرۆڤەکان پاراستنیان لە زیان پێگەیاندن و مەترسیەکان. هەروەها بونی کارمەندێکی زۆری پزیشکی و نەبوونی توانایەکی کاراو لێهاتوو کە لە هەندێك کاتدا بۆتە کارەسات لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگادا.

**1.2 ئامانجەکانی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتیە لە ڕوونکردنەوەی واتای هەڵەی پزیشکی و چۆنیەتی بەرپرسیاربوونی پزیشك لە میانەی ئەنجامدانی چارەسەری نەخۆش ڕوودانی هەڵەی پزیشکی و باسکردن لەو مەرج و بنەماو پێوەرانە کە زانایان دایانناوە هەروەها ئەو بەڵگانەی پشتیان پێبەستووە بۆ بەرپرسیارەتی پزیشك لە هەر زەرەرو زیانێك کە بە نەخۆش دەگات لە ئەنجامی هەڵەدا لە ڕوانگەی یاسای سزادانی عێراق و شەریعەتی ئیسلامدا

**1.3 گرنگی توێژینەوە**

گرینگی ئەم توێژینەوە خۆیدەبینێتەوە لە پاراستن و چارەسەرکردن و ڕزگارکردنی گیانی مرۆڤەکان و بابەتی پاراستنی ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا چونکە بە چارەسەرکردن و زیان نەگیاندن بە نەخۆش مرۆڤایەتی پارێزراو و دووردەبێت لە نەخۆشی و دەردو پەتا، هەروەها لە فەرامۆشکردن و ئەنجامدانی هەڵە لەلایەن پزیشك لە کاتی چارەسەری و حوکمەکانی لە شەریعەتی ئیسلام و یاسای سزادانی عێراقیدا.

**1.4 میتۆدی توێژینەوە**

ئەو میتۆدانەی ئەم توێژینەوەیە دەیگرێتەبەر و لەسەر دەڕوات بریتین لە:

میتۆدی شیکردنەوە: ئەم میتۆدە بەکاردێت بۆ شیکردنەوەی هەڵوێستی فیقهی ئیسلامی و ڕای یاسای عێراقی لەسەر هەڵەی پزیشکی ، باسکردنی مادده یاساییەکان لە ڕوانگەی فیقهەوە.

میتۆدی هەڵسەنگاندن: توێژەر ئەم میتۆدە بەکاردەهێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی مادده یاساییەکان لە یاساکانی عێراق لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامییەوە.

**1.5 پلانی توێژینەوە**

باسی یەکەم : مانای هەڵەی پزیشکی لە شەرع و یاسادا

باسی دووەم: خاسیەتەکانی پزیشك لە ڕوانگەی یاساو شەریعەتی ئیسلامدا باسی سێیەم: بنەماو پێوەرەکان بۆ ڕێکخستنی پیشەی پزیشکی لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامی و یاسای عیراق

باسی چوارەم: بەرپرسیاربوونی پزیشك لە کاتی ئەنجامدانی هەڵەدا لە ڕوانگەی فیقهی هاوچەرخ و بۆچوونی یاسای سزادانی عێراق

ئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان.

## 2. مانای هەڵەی پزیشکی لە شەرع و یاسادا

### 2.1 مانای هەڵە لە شەرع و یاسادا

1مانای هەڵە لە شەرعدا:

هەڵە: بریتیە لە ئەنجامدانی کارێك لەلایەن کەسێك بەرامبەر کەسێکی تر بە بێ مەبەست بەڵام بە هەڵە (عودة،2000).

مەبەست لە هەڵە ئەنجامدانی کارێکە بە خواستی خۆی لە ڕاستیدا ئەو مەبەستەی نیە کە بە ئەنجامدانی ئەم کارەوە ببێتە تاوانبار وەك هاویشتن بە مەبەستی ڕاوکردنی نێچیرێك بەڵام بەر مرۆڤێك دەکەوێت، لێرەدا شوێنەواری تاوانەکە مرۆڤە بەڵام کەسی ئەنجامدەر مەبەستی پێکانی مرۆڤ نەبووە بەڵکو مەبەستی ڕاوکردنی نێچیر بووە

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp75-86

(ابن الهمام، 1986).

لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامدا هەڵەی نا مەبەست بریتیە لە ڕوودانی هەر کارێك لە کەسێکەوە بە بێ مەبەست و خواست و ویستی بۆ ئەنجامدانی کارێکی قەدەغەکراو. بۆیە لێرەدا هەڵە نا مەبەست بە پاساوێکە لە پاساوەکانی شەرعی کە سزا لەسەر ئەنجادەر لادەبات ئەمەش ڕەحمەت و بەزەییەکە لەلایەن پەروەرگارەوە بە مرۆڤ .

مانای هەڵە لە یاسادا:

عبد الرزاق السنهوری دەڵێت: هەڵە واتە لادان لە ڕەفتار، کە لەلایەن کەسێکەوە ئەنجامدەدرێت لە میانەی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکان کە دەبێتە هۆی بەزاندنی سنورەکان لە بنەماوە پێویستە کەسەکە پابەندبێت پێیەوە، جا هەڵە بە مەبەست و بەبێ مەبەست دەبێت (السنهوری،2000).

### 2.2 مانای هەڵەی پزیشکی

هەڵەی پزیشکی واتە: ئەو هەڵەیەی کەدروست دەبێت لە میانەی هەستانی پزیشك بە جێبەجێکردنی پابەندیە پیشەکەی کە ئەرکێکی سروشتییە، پیشەی پزیشکیەکەی ئەو پابەندیە لە خۆگرتووە بۆ پزیشك کە لە بنەماوە دروست بووە بە پێی یاسا کە تابێت زیان بە کەسانی تر بگەیەنێت (صحراوی، 2005).

هەڵەی پزیشکی بریتیە لە کەمو کوڕی پزیشك بەو ئەرکەی کە لەسەریەتی بە خۆپاراستن و هۆشیاری لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکە پیشەییەکەی بە پێی یاسای دانراوە کە تابێت زیان بە کەسانی ترو بگەیەنێت ببێتە هۆی ئەنجامی مەترسیدار (رایس، 2007).

لەم مانایەی سەرەوە بۆمان دیاردەکەوێت هەر کەم و کوڕیەك و خەوشداریەك و زەرەرو زیانێك لە بواری تەندروستی و پزیشکی بە هەڵەی پزیشك دادەنرێت، بە مەرجی کە ئەنجامدرا بێت لەلایەن کادرێکی پزیشکی و تەندروستی تایبەتمەندەوە ئەمەش ڕێك مانای هەڵە دەگەیەنێت، چونکە دەرچوون لە بنەماکانی پیشەی پزیشکی و تەندروستی یان هەر کارو ڕەفتارێك لە میانەی ئەنجامدانی چارەسەری پزیشکی کە لەلایەن پزیشك ببێتە زیان گەیاندن بە نەخۆش بە بێ مەبەستی خراپ بێت بە هەڵەی پزیشکی دادەنرێت.

بەڵام توێژەر پێی وایە هەڵەی پزیشکی واتە پزیشکی چارەسەرکەر بە ئەنقەست زیان بگەیەنێت بە نەخۆشەکەی، ئینجا هەموو جۆرە زەرەرو زیانێك لە خۆدەگرێت کە بە نەخۆش دەگەیەنرێت بەبێ جیاوازی جا تەندروستی بێت یاخود گیانی یان دارایی لە میانەی جێبەجێکردنی پیشە پزیشکەیەکەی و بە پێچەوانەی بنەماو مەرجەکانی کە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بۆ پیشەی پزیشکی دانراوە لە کاتی چارەسەری نەخۆشەکان.

## 3. خاسیەتەکانی پزیشك لە ڕوانگەی یاساو شەریعەتی ئیسلامدا

پیشەی پزیشك لەبەر ئەو گرینگیەکەی بۆ سەر مرۆڤایەتی و جیهان هەیەتی، لە یاسای عیراقیدا گرنگترین خاسیەتەکان کە پێویستە لە پزیشکدا هەبن بەپێی یاسای (قانون نقابة الاطباء رقم (81) لسنة 1984) بریتیە:

1. پێویستە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری پزیشکی و نەشتەرگەریدا هەبێت لە یەکێک لە کۆلێژە پزیشکییە دانپێدانراوەکانی عیراق یان هاوتای ئەوە.
2. پێویستە لە سەندیکای پزیشکانی عیراقدا تۆمار کرابێت و مۆڵەتی پیشەکەی پێدرابێت.
3. پێویستە خاوەن ڕەوشت و ڕەفتاری باش بێت و بە تاوانێکی دژە شەرەف یان سووکایەتی مەحکووم نەکرابێت، مەگەر ئەوەی ڕێزی بۆ گەڕێندرابێتەوە
4. پێویستە چالاکی و توانای جەستەیی و تەندروستی هەبێت کە شایستەی بێت بۆ ئەنجامدانی پیشەکەی بە پێی پشکنینی پزیشکی کە لەلایەن لێژنەی پزیشکی تایبەتمەندەوە ئەنجام دەدرێت.
5. پێویستە سوێندی پزیشکی بخوات لەبەردەم سەندیکای پزیشکان پێش دەستپێکردنی کارەکەی، کە پابەندبوون بە پرەنسیپ و ئەخلاقیاتی پیشەی پزیشکی لەخۆدەگرێت.
6. پێویستە خۆی بە دڵسۆزی، پاکی، بێلایەنی و بێ لایەنگیری لە کارەکەیدا ڕابگرێت و نهێنی و تایبەتمەندی نەخۆشەکان بپارێزێت.ئەمانە دیارترین مەرج و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانن کە پێویستە پزیشک لە عیراقدا پێیانەوە

بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە شەریعەتی ئیسلامی دەبینین پێویستە کۆمەڵە خاسیەت لە پزیشکی لێهاتوو پسپۆڕدا هەبێت تاکو تووشی هەڵە نەبێت لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکە پزیشکیەکەی و زیان نەگایاندن بە نەخۆش و پاراستنی گیانی نەخۆش، ئەمانیش بریتین:

یەکەم: دەستپاکی :

یەکێکی تر لە خاسیەتە بەرزەکانی ئیسلام کە پێویستە لە پزیشکی موسڵمان ڕەنگبداتەوە بریتیە لە دەستپاکی، چونکە نەخۆش گیانی خۆی داوەتە دەست پزیشك بەوپەڕی متمانەوە، بۆیە ئەم بەرپرسیاریەتیە مەزنە لەسەر شانی پزیشکە، دەبێت پزیشك بە دەستپاکی هەڵبیگرێت وەکو نهێنیەکانی نەخۆش پێویستە پزیشك وەك ئەرکێکی پیشەی پزیشکی نهێنیە پزیشکی و نەخۆشیەکانی نەخۆش بپارێزێت وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا﴾ (النساء،58) ، وە نابێت بلاویبکاتەوەو ناپاکی تێدا بکات لەگەڵ نەخۆش وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَخُونُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُوا أَمَانَاتِكُمْ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ (الأنفال، 27) بۆیە پێویستە نهێنیەکانی نەخۆش بە پارێزراوی بمێنێتەوەو لەلایەن پزیشك و بلاوینەکاتەوە تەنها هەندێك بار ڕێگای پێدراوە وەکو ئەگەر زەرەرو زیانی بۆ کۆمەڵگا بە گشتی هەبێت و ببێتە مەترسی لەسەر بەرژەوەندی گشتی و بوونی نەخۆشیەکی درم و کوشندە کە مەترسی بلاوبوونەوەی هەبێت لە کۆمەڵگاو چارەسەری نەخۆشێك کە دەستدرێژی کرابێتەسەر گیانی وەکو ژەهرخواردکرابێت.

دووەم: زیان نەگەیاندن:

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (لَا ضَرَرَ وَلَا ضِرَارَ) (أخرجه أحمد فی مسنده، برقم 2865، 2001، 55/5) کەواتە یەکێکی تر لە خاسیەتەکانی پزیشکی موسڵمان بریتیە لە سوودگەیاندن بۆ دەوروبەری و نەخۆش و نابێت زیانیان پێبگەیەنێت، چونکە نەخۆش هیوای بە پزیشکە بۆ چارەسەری تاکو لە نەخۆشی و دەرد ڕزگاری بکات بۆیە پێویستە پزیشك بە ئەرکی سەر شانی هەستێت بە چارەسەرکردنی و نەگەیاندنی زەرەرو زیانی زیاتر بە نەخۆش، چونکە پیشەکەی گوزارشتە لە لابردنی

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp75-86

زیان و نەخۆشی لەسەر نەخۆشەکان و بەرپرسیارە لە چارەسەرکردن بە دڵنیکی لە خواترس هەروەها پاك و خاوێنی کەلوپەلی پزیشکەیەکانی و نۆرینگەکەی نلبێت ببێتە هۆی گواستنەوەی نەخۆشی بۆ نەخۆشەکان چونکە نەخۆش هاتووە بۆ چارەسەر نەوەك توشی نەخۆشی زیاتر بێت بۆیە بە هۆی پیسی کەلوپەلە پزیشکیەکان و شوێنی نۆرینگەکەی بە دڵنیای هۆکارە بۆ نەخۆشی کوشندە ئەمەش بەرپرسیارەتیەکی مەزنە لەسەر پزیشك کە پێویستە ڕەچاوی بکات بە شێوەیەکی تەواو.

سێیەم: ئارامی:

یەکێکی تر لە خاسیەتە بەرزەکان ئیسلام کە پێویستە لە پزیشکی موسڵمان ڕەنگبداتەوە بریتیە لە ئارامی، چونکە پیشەی پزیشك پڕ ماندووبون و هیلاکیە و پزیشکیش بە هۆی پیشەکەی هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکانی جۆراوجۆر لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئەو ژینگەیەی کە تێیدا ژیاوە، هەندێك کات هەڵسوکەوتی جۆراو جۆرو نا پەسەند بێزاری دەکات بەڵام لەم کاتەدا پێویستە ئارامگرو بەخشندە بێت و نابێت سەرزەنەشت و فەرامۆش و پشتگوێیان بخات بەڵکو پێویستە وەکو موسڵمانێك پەیامی ئاشتی و ئارامی و بەخشندەی ئیسلام بگەیەنێت بە خەڵك وەکو خوای بەخشندە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴾ (الزمر، 10) پێغەمبەریش دەفەرموێت: (وَمَنْ يَتَصَبَّرْ يُصَبِّرْهُ اللَّهُ، وَمَنْ يَسْتَغْنِ يُغْنِهِ اللَّهُ) (أخرجه البخاری فی صحیحه، برقم 6470، 1422هـ، 99/8).

چوارەم: زانست و زانیاری:

یەکێك لە خاسیەتی پزیشکی لێهاتوو پسپۆرو کارامە بوونی زانست و زانیاریە، پێویستە پزیشك خاوەنی زاست و زانیاری تەواوی پزیشکی بێت و بەبەردەوامی چاودێری و بەدواداچوون بکات بۆ نوێگەری لە زانستی پزیشکی لە جیهاندا و بە دەستبخات تاکو لێهاتوو و شارەزاو کارامە و شیاوی پیشەکەی بێت بە هەموو توانا و باوەڕ بوونی بە تواناو زانیاریە پزیشکەیەکەی، چونکە زانستی پزیشکی بە بەردەوامی لە پێشکەوتن و دۆزینەوەو نوێگەریدایە و پیشەی پزیشکیش پێویستە هاوتەریب لەگەڵ ئەم نوێگەری و پێشکەوتنەدا بڕوات، پیشەی پزیشك ئەمانەتێکی مەزنە لە ئەستۆی پزیشکدا بۆیە پێویستە لەسەری لە پسپۆڕیی پیشەکەی خاوەنی زانست و زانیاری و لێهاتووی و شارەزایی وکارامەیی تەواو بێت.

پێنجەم: بەزەیی:

پێغەمبەر دەفەرموێت: (مَنْ لاَ يَرْحَمُ لاَ يُرْحَمُ) (أخرجه البخاری فی الصحیح، برقم 5997، 7/8) بۆیە پێویستە لەسەر پزیشك پابەندی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی بێت و یەکێك لە سیفاتی موسڵمانان کە پێویستە لە پزیشك هەبێت بە تایبەتی لە میانەی چارەسەری نەخۆش بریتیە لە بەزەیی، پێویستە پزیشك ئەم خاسیەتە بەرزەی تێیدا ڕەنگبداتەوەو مرۆڤێکی دڵ نەرم و بە سۆزو نەرمونیان و چاکەکار بێت لەگەڵ نەخۆش و دەوروبەری، کە ئەمەش هەڵقوڵاوی سۆنگای بەرنامە ئیسلامە لە بوونی خۆشەویستی بۆ کارەکەیی و کە بە دلنەرمی و بەسۆزو بەزەیی و بەخشندەیی هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ نەخۆشەکان، بۆیە پێویستە باری نەخۆشەکە لەبەرچاو بگرێت و دڵنەوایی بکات، وەکو پێغەمبەر دەفەرمێت: (ارْحَمُوا مَنْ فِي الأَرْضِ يَرْحَمْكُمْ مَنْ فِي السَّمَاءِ) (أخرجه الترمذی فی السنن، برقم 1924، 1975، 323/4) ئەم سۆزو بەزەیە بۆ هەموو کاتێك پێویست و ئەرکە لەسەر مرۆڤەکان بە گشتی و پزیشك بەتایبەتی.

شەشەم: بێفیزی:

یەکێکی تر لە خاسیەتە بەرزەکان ئیسلام کە پێویستە لە پزیشکی موسڵمان ڕەنگبداتەوە بریتیە لە خاکی بوون، پزیشکی موسڵمان نابێت لە خۆبایی و لووت بەرزو دڵڕەق بێت لەگەڵ نەخۆشەکان و پێویست هەڵسوکەوتی دڵنەرم و بە سۆزو نەرم و نیان بێت سەرەڕای ئاستی ژیانیان لە ڕووی دارایی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، بێفیزی پزیشك ئەرکێکی ئاینیە لە شەریعەتی ئیسلام وەکو پێغەمبەر دەفەرموێت: (وَمَا تَوَاضَعَ أَحَدٌ لِلَّهِ إِلَّا رَفَعَهُ اللَّهُ) (أخرجه الترمذی فی السنن، برقم 2029، 376/4).

حەوتەم: لێبووردەیی و چاوپۆشیکردن:

یەکێکی تر لە خاسیەتە بەرزەکان ئیسلام کە پێویستە لە پزیشکی موسڵمان ڕەنگبداتەوە بریتیە لە لێبووردەیی و چاوپۆشیکردن، ئەمەش بریتیە لە ڕەوشتە بەرزەکانی ئیسلام بۆیە پزیشك پێویستە وەکو ئەرکی پیشەکەی خاوەنی زمان و دڵێکی لێبووردەیی و پڕچاوپۆشیکردن بێت، هەرچەندە پزیشك لە میانەی پیشەکەی تووشی سەرئێشەو ناخۆشی و بگرە هەڕەشەو لێدان دەبێت بە هۆی ئەم بارەی نەخۆش تێکەوتووە لە ئێشو ژان و دەردو پەتا بەڵام وەکو موسڵمانێك پێویستە خاوەنی ڕەوشتی موسڵمانانە بێت و لێبووردە بێت و چاوپۆشی بکات لەمحەڵانەی لەبەرامبەری دەکرێت.

ئەگەر سەیری یاسای عێراقی بکەین دەبینین بەلای ئەم خاسیەتانە نەچووە وەکو شەریعەتی ئیسلامی، لێرەدا گشتگیری و فراوانی ڕوانگەی شەیعەت بە دیاردەکەوێت، پێویستە یاسای عێراقی لە یاساکانیدا وەك شەریعەتی ئیسلامی خاسیەتەکان بە ڕوونی باس بکات بۆ ڕێکخستنی پیشەی پزیشکی لە کۆمەڵگادا.

## 4. بنەماو پێوەرەکان بۆ ڕێکخستنی پیشەی پزیشکی لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامی و یاسای عیراقی

لە سەردەمی هاتنی ئاینی ئیسلامدا گرینگیەکی تەواو بە پیشەی پزیشکی دراوە، پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت) یەکەم کەسبووە یاساو ڕێسای کارو پیشەی پزیشکی داناوەو لە وڵاتی موسڵماناندا، وەکو پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (من تطبب ولا یعلم منه طب، فهو ضامن) (أخرجه أبو داود فی السنن، برقم 4586، 2003م، 195/4)، بۆیە ئەم فەرموودەیە بە یەکێك لە فەرموودە گرینگەکانی ئەم توێژینەوەیە دادەنرێت، چونکە ئەم فەرموودەیە بڕیار لەسەر بەرپرسیارەتی ئەو کەسەدەدات کە چارەسەری نەخۆش دەکات و بەبێ زانست خۆدەخزێنێتە نێو ئەم بوارو پیشە پیرۆزە بە بێ بوونی شارەزایی و کارامەیی و خوێندن دەست بۆ کارێکی پڕ مەترسی دەبات.

### 4.1 پۆلێنی پزیشکی لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامدا:

پیشەی پزیشك بە شێوەیەکی سروشتی لە ژیانی مرۆڤایەتی و قۆناغەکانی بەرەوپێچوونی زانست جێگای گرینگی پێدان بووە، لەسەردەمی ئێستای پێشکەوتن و تەکنەلۆژیادا دامەزراوە پزیشکیەکان لە گرینگترین دامەزراوەکانی وڵات دادەنرێت کە گرینگیی و تایبەتمەندی پێدەدرێت لە دەوڵەتدا بۆ بەرەو پێشبردنی بە نوێترین و باشترین کەلوپەل و ئامێری پێشکەوتووی پزیشکی و ڕاهێنانی پزیشکان لەسەر بەکارهێنانیدا، لە جیهانی ئیمڕۆدا پێشکەوتن پێوانە دەکرێت لە هەر وڵاتێدا بە

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp75-86

دەستەبەرکردنی چاودێری پزیشکی و بۆ تاکەکانی کۆمەڵگای ئەو وڵاتەدا ، ئەم دامەزراوە تەندروستی و پزیشکیانە ئارامی و ئاسایشی و دڵنەوایی دەستەبەردەکەن بۆ هاوڵاتیان لە کۆمەڵگادا، بۆیە هەموو وڵاتانی جیهان ڕێنمایی و ڕێسای تایبەتیان دەرکردووە بۆ ڕێکخستنی پیشەی پزیشکی و بنەماکانی، ئەمەش تاکو پزیشکانی لێهاتوو کارامە و بە توانا کە ساڵانێکیان لە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی پزیشکی بەسەر بردووە بە پێی بنەماکانی ئەم پیشەیەدا کاربکەن و تاکو هاوڵاتیان بتوانن دڵنیای سەر گیان و جەستەیان بن.

گومان نیە هەر کەسێك بنەماو پێوەرەکانی ئەم ڕێکخستنە پیشەی پزیشکی نەیگرێتەوە مافی کارکردن وەك پیشەی پزیشکی نیە و بە یاساغ دادەنرێت و بەرپرسیارە لە کارەکەی بە تاوان ئەژمار دەکرێت و لەسەر زیانەکان سزا و پێبژاردن دەکرێت.

زانایانی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام لە زووەوە باسیان لە پزیشکی نەزانکردووەو کە نەخۆش تووشی زیان دەکات و دەبێتە هۆی مردنی نەخۆش بەهۆی چارەسەرەکانی، یان تووشی لەدەستدان دەبێت بە هۆی بەکارهێنانی چارەسەر، لێرەدا بەبەرپرسیار دادەنرێت و لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت لەبەرامبەر بەکارهێنانی چارەسەر بە نەزانی بۆ نەخۆش، بۆیە زانایان جیاوازیانکردووە لە نێوان پزیشکی زانا و نەزان.

## 4.2 مەرجەکانی بەرپرسیاربوونی پزیشك لە یاسای عیراق و شەریعەتی ئیسلامدا:

پیشەی پزیشکی لە پیشە مرۆییە شکۆدارەکانە کە ئامانجی پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی مرۆڤە، بەڵام ڕەنگە پزیشك تووشی هەڵەی پزیشکی ببێت کە زیان بە نەخۆش بگەیەنێت، ئەمەش پێویستی بە لێپرسینەوەی یاسایی هەیە. یاسادارێژەری عێراقی حوکمەکانی بەرپرسیارێتی پزیشکی لە یاسای ڕێکخستووە، سروشتی یاسایی هەڵەی پزیشکی جیاواز نییە لە سروشتی گشتی هەڵەیەك کە بەرپرسیارێتی سزایی دەخوازێت، چ هەڵەکە لە کاتی ئەنجامدانی کاری پزیشکی ڕووی دابێت یان لە شتێکی تر. لەبەر ئەوە چەندین پێوەر پەیڕەو کراون بۆ پێوانەکردنی هەڵە و دانانی پزیشك بە هەڵەکار یان نا. هەڵەی پزیشکی هەمان شێوەکانی هەڵەن بە شێوەیەکی گشتی، چونکە هیچ ڕێسایەك نییە هەڵەی پزیشکی دیاری بکات. بە گەڕانەوە بۆ دەقی مادەی (35)ی یاسای سزادان، هەڵەی دیاریکردووە " تكون الجريمة غير عمدية اذا وقعت النتيجة الاجرامية بسبب خطا الفاعل سواء كان هذا الخطأ اهمالا او رعونة او عدم انتباه او عدم احتياط او عدم مراعاة القوانين والانظمة " تاوان ناڕاستەوخۆ دەبێت ئەگەر ئەنجامی تاوانکاری بەهۆی هەڵەی تاوانبارەوە ڕوویدابێت، چ ئەم هەڵەیە بەهۆی بێئاگایی ، لاساری، بێ ئاگایی نەبوونی پارێزگاری، یان پابەند نەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان بێت). نەبوونی پارێزگاری، یان پابەند نەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان بێت.(

بەرپرسیارێتی سزایی پزیشك، سەرەڕای جۆری هەڵەکە، چ هەڵەیەکی تەکنیکی بێت یان ئاسایی، بەرپرسیارێتی پزیشك لە یاسای عێراقیدا ملکەچی ڕێساکانی گشتییە و هیچ دەقێکی تایبەت نییە بۆ بە تاوانبارکردنی، بەڵکو ملکەچی حوکمەکانی مادەی 411ی یاسای سزادانە لە حاڵەتی مردندا، کە پەیوەستە بە کوشتنی بەهەڵە، و مادەی 416 لە حاڵەتی برینداربوونی بەهەڵە و ئەو ئاڵۆزییانەی کە لێی دەکەوێتەوە.

مادەی 411ی یاسای سزادانی عێراقی دەڵێت: "هەرکەسێك بەهۆی هەڵەوە ببێتە هۆی مردنی کەسێکی تر، بە زیندانی ماوەیەك کە لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت یان بە غەرامە سزا دەدرێت".( قانون العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969)

هەروەها مادەی 416 دەڵێت: "هەرکەسێك بەهۆی هەڵەوە ببێتە هۆی بریندارکردن یان ئازاردانی کەسێکی تر، بە زیندانی ماوەیەك کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێت یان بە غە رامەیەك کە لە 100 دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت"( قانون العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969).

بەرپرسیارێتی سزایی پزیشك بەپێی یاسای عێراق بە بوونی ئەم مەرجانەی خوارەوە دەبێت:

1. تایبەتمەندی تاوانبار (پزیشك):مەرجە پزیشك تایبەتمەندی پزیشکی هەبێت لە کاتی ئەنجامدانی کردەوەی هەڵەدا، چ پزیشکی گشتی بێت یان پسپۆر یان نەشتەرگەر(نجيب حسني، 1988).
2. ئەنجامدانی هەڵەیەکی پزیشکی: بۆ لێپرسینەوەی سزایی لە پزیشك پێویستە هەڵەیەکی پزیشکی ئەنجامدابێت، هەڵەی پزیشکیش بریتییە لە پشتگوێخستنی پزیشك بۆ ئەرکەکانی وریایی و ئاگاداری و بنەما زانستییە باوەکان، کە زیان بە نەخۆش دەگەیەنێت. جیاوازی نییە هەڵەکە بە مەبەست بێت یان بەهۆی سەرپێچی (الجوهري، 1997).
3. ڕوودانی زیان: بەرپرسیارێتی سزایی پزیشك نابێت تەنها ئەگەر لە ئەنجامی هەڵەکەی زیانێك بە نەخۆش بگات، چ زیانێکی جەستەیی بێت وەك مردن یان بریندابوون، یان زیانێکی مەعنەوی یان دەروونی بێت(قايد، 1990)
4. پەیوەندی هۆکاری لە نێوان هەڵە و زیان: پێویستە زیانەی بەر نەخۆش کەوتووە ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو هەڵەیە بێت کە پزیشك ئەنجامی داوە، بە شێوەیەك کە بتوانرێت ئەنجامەکە بدرێتە پاڵ ئەو هەڵەیە(الذنون، 1991).

لەبەر ئەوە، پزیشك بەپێی یاسای عێراقی بەرپرسیارە لە هەر زیانێك کە بەهۆی هەڵەی پزیشکییەوە ڕوویدات، چ ببێتە هۆی مردن یان بریندابوون یان ئاڵۆزی. ئەمەش وا دەخوازێت کە پزیشك زۆر بەوریایی و پارێزگارییەوە مامەڵە بکات و پابەندی ڕێساکانی پیشەکەی بێت، چونکە هەر لادانێك لێی دەبێتە هۆی بەرپرسیارکردنی بەپێی یاسا.

هەروەها پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی هەڵەی پزیشکی و چارەسەرکردنیان، وەك نوێکردنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن لە کۆلێژەکانی پزیشکی و باشترکردنی ڕاهێنانی پراکتیکی قوتابیان، هەروەها دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ کارکردنی پزیشکان و دابینکردنی ئامێر و کەرەستەی پێویست و پێشکەوتوو لە نەخۆشخانەکان، بۆ ئەوەی ڕێژەی هەڵەکان کەم ببنەوە و سەلامەتی نەخۆشەکان زیاتر پەرە بسەنێت.

ئەگەر بگەڕێینەوەی شەریعەتی ئیسلام دەبینین چەند مەرجێك دانراوە بۆ بەرپرسیاربوونی پزیشك لە کاتی ڕوودانی هەڵە لە میانەی بەجێگەیاندنی ئەرکی پزیشکی، لێرەدا باس لەو مەرجانەی شەریعەتی ئیسلام دەکەین:

یەکەم: لێهاتووی و کارامەیی و زانیاریی و زانستی پزیشکی:

بوونی زانستی پزیشکی لەلایەن پزیشکی پێویستیەکی گرینگی پیشەی پزیشکیە تاکو

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp75-86

بتوانێت بەسەر كۆسپ و تەگەرەكان زاڵ بێت و نەكەوێتە ئەنجامدانی هەڵەوە، هەروەها بوونی ئەزموون و پیشینەی كاركردن لە پیشەی پزیشكی بە چارەسەركردن و ئەنجامدانی نەشتەرگەری بەشێوەیەكی سەركەوتوو، واتە پێویستە پزیشك پێشینەی پیشەیی هەبێت و خاوەنی ئەزموون بێت بە هۆی وانە خوێندنی زانستی پزیشكی و ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنانی تەواو لەلایەن خاوەن ئەزموون و پزیشكانی لێهاتوو كارامەو لێزان و پسپۆڕ لەم بوارەو گەواهی شارەزانیی و لێزانی و كارامەیی و ئەزموونی بۆ بدەن (شرف الدين، الاحكام الشرعية للأعمال الطبية، 1987،).

پێویستە پزیشكی لێزان و كارمەو شارەزا كە مامۆستایەكی پسپۆری هەبێت وفێری بكات و جێی متمانە و لێهاتوو شارەزاو خاوەنی ئەزموونی پیشەی پزیشكی و مۆڵەتی فەرمی زانستی بێت، چونكەپیشەی پزیشكی گوزارشتە لە بونی لێزانی و شارەزایی و زانست لە بواری پزیشكی كە سەلمێنەری ئەوە بێت ئەو پزیشكەكە وانەی زانستی پزیشكی خوێندووە و بۆتە خاوەنی كارامەیی وشارەزایی و لێزانی پیشەی پزیشكی لە زانستی پزیشكی، ئەمەش دەبێتە مایەی بەرچاو ڕوونی و زانیاری بۆ نەخۆش و كۆمەڵگا بۆیە بە پێچەوانەوە لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە ڕێگا نادرێت بە چارەسەركردنی نەخۆش و دروست نیە پیشەی پزیشكی بكاتە پیش لە چارەسەری و ئەنجامدانی نەشتەرگەری، زانایانیش كۆدەنگن لەسەر (ضامن) بوونی ئەگەر هەڵەی ئەنجامدا ئەوا ئەرك بار ئەبێ وەكو دەست درێژی و سنوربەزاندنە بۆ سەر نەخۆشەكە (الشربيني ، 1994، والكاساني ، 1986).

لەم ڕووەوە پزیشكی شارەزاو كارامەو لێزان دەبێت شارەزا بێت لە چارەسەركردنی نەخۆش وەك ئەو دەرمانانەی بە نەخۆش دەدات كە چارەسەری نەخۆشیەكەی بێت و نەبێتە هۆی زیان و ئازاری زیاتر بۆ نەخۆشەكە و لەبەر چاو گرتنی باری دەروونی نەخۆش و تەمەن و گوزەران و ئەو ژینگەی تێیدا دەژی (الصنعاني).

پێویستە پزیشك شایەتی بوونی شارەزای و لێهاتووی و كارامەیی بۆ بدرێت بە لایەنی كەمەوە لەلایەنی دووكەسی دادپەروەرو ڕاستگۆ كە خاوەنی شارەزای زانستی پزیشكی و چارەسەركردنی نەخۆشە بەمشێوەیە جیاوازیی ئەكریت لەنێوان پزیشكی لێزان و وپسپۆر و پزیشكی نەزان و ناپسپۆر بەڵام لە سەردەمی ئێستا بە هۆی بوونی دامەزراوەی زانستی پێشكەوت و ڕێگا بە هیچ كەس نادرێت پیشەی پزیشك و چارەسەر كردن و نشتەرگەری ئەنجام بدات بەبێ بوونی بڕوانامەی باوەڕپێكراو لەلایەن دەوڵەتەوە ئینجا مۆڵەتی پزیشكی دەدرێت بەم كەسە وەك پزیشكبە مەرجی ئەنجامدانی چەندین خولی پزیشكی كەگەواهیدەری لێهاتووی و شارەزایی و كارامەیی بێت لە زانستی پزیشكی هەیە.

دووەم: سنور نەبەزاندن و لەو ئەندازەیی مۆڵەتی پێدراوە:

كاتێك پزیشكێك ئەركی پزیشكی جێبەجێ دەكات دەبێ خاوە مۆڵەت بێت بۆ ئەو ئەندازەیی ڕێگای پێدراوە بۆ چارەسەركردن نەخۆشی زوك بەكارنەهێنانی چارەسەرێك مە زیاتر بێت لەم ئەندازەی كە پێویستە بدرێت بە نەخۆش و مۆڵەتیش لە نەخۆشەكە وەربگرێت بۆ چارەسەركردن یاخود دەستكاریكردنی شوێنی تری لەش لە كاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریدا، ئەو سنور بەزاندن و زیادە ڕۆیانەیی لە پێدانی چارەسەرو دەرمان و نەشتەرگەری سەربكێشێت بۆ زیان گەیاندن بەنەخۆش و یاخوود ئەوشتە ببڕێت كە پیویست بە بڕین ناكات لە كاتی نەشتەرگەریدا (الحموی، 1995).

زانایانی شەریعەتی ئیسلام بە مەرجیان داناوە بۆ لادانی بەرپرسیارێتی لەسەر پزیشك لە چارەسەركردندا لە حاڵەتی نەخۆشییەكە زیاتر نەپرژێتە سەر شوێنێكی تری ناپێویست، بەڵكو پێویستە لەسەری كە بەگوێرەی بنەماكان و شارەزایانی ئەم زانستە كار بكا، جا ئەگەر سنووری بەزاند ئەوە هەڵەیەكی بەرچاوەو دەبێ تۆڵەو بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرێ، چونكە ئەم مردنە بەرپرسیارێتییەكەی ناگۆڕێ چ بە ئەنقەست بێ چ بە هەڵە، بەم پێەش هەرچی خەرجی نەخۆشەكەیە لە ئەستۆی ئەگرێ ئەگەر نەخۆشەكە نەمرد، بەڵام ئەگەر مرد ئەوە پێویستە خوێنبایی بداو كوشتنەوەی لەسەر نیە، چونكە پێشتر نەخۆشەكە خۆی مۆڵەتی پێدابوو (ابن قدامة، 1968، الخطيب الشربيني، 1994، الكاساني، 1986 ، البهوتي، 1993).

سێیەم: وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆش بۆ چارەسەركردن:

چارەسەركردنی نەخۆش لەلایەن پزیشكەوە پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتنی نەخۆش هەیە چونكە مۆڵەت وەرگرتن واتە ڕەزامەند بوونی نەخۆش و بەرپرسیارنەبوونە پزیشك لە ئەنجامدانی هەر هەڵەیەك بۆیە زانایان بۆ بەربار نەبوونی (ضمان)ی پزیشك بە مەرجیان داناوە كە دەبێ لە خودی نەخۆشەكە یان ئەگەر نەخۆشەكە منداڵ و شێت بێت لە سەرپەرشتیارەكەی مۆڵەت وەرگیرابێت، جا ئەگەر نەخۆش یان سەرپەرشتیارەكەی مۆڵەتی بە پزیشك نەدا بۆ چارەسەركردنی و پزیشكەكەشهەستا بە چارەسەركردنی نەخۆشەكەو زیانی لێكەوتەوە، ئەوە بەربار (ضامن) ئەبێ، چونكە كارێكی ڕێ پێنەدراوی ئەنجامداوە.

ئیبن قەیمی جەوزی دەفەرمووێ: (ئەگەر نەخۆش مۆڵەتی بە پزیشك دا بۆ سوننەت (ختان) كردنی، لە كاتێكی زۆر گەرم یان زۆر سارد، یان لەكاتی لاوازییێك كە مەترسی بۆ نەخۆش هەبوو، ئەگەر هاتوو نەخۆشەكە پێگەیشتوو (بالغ) و هۆشمەند بوو، ئەوە پزیشكەكە بەربار (ضامن) نابێ، چونكە نەخۆشەكە بەهۆی مۆڵەتەكەی خۆی مافی خۆی نەهێشتووە، بەڵام ئەگەر بچووك بوو، ئەوا بەربار ئەبێ، چونكە مۆڵەتەكەی لەبەرچاو ناگیرێ لەڕووی شەرعەوە) (البهوتي، 1993).

بۆیە ئەگەر پزیشك بەربار (ضامن) بێت لە ئەنجامی ڕوودانی هەڵەدا لەگەڵ مۆڵەتدانی لەلایەن نەخۆشەوە دەبێتە هۆكاری وازهێنانی پزیشك لەپیشەی پزیشكی، لەگەڵ ئەوەی پیشەی پزیشك لە پێویستییەكانی ژیانە بۆ پاراستنی گیان و مرۆڤایەتی. لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە مۆڵەتدان لەلایەن نەخۆشەوە گرنگییەكی زۆری هەیە بە تایبەت كاتێ كە پزیشكێك خۆی لە شوێنی كارەكەی نابێ و پزیشكێكی تر ئەكاتە بریكاری خۆی بۆ ئەنجامدانی كارەكەی، جا لەم حاڵەتانە پێویستە نەخۆش ئاگادار بكرێتەوە، چونكە لەوانەیە نەخۆشەكە نەیەوێ جگە لە پزیشكەكەی خۆی پزیشكێكی تر چارەسەری بكا، ئەگەرنا پزیشكە بریكارەكە بەرپرس دەبێ لە حاڵەتی هەر ڕووداوێك چونكە پێشتر مۆڵەتی پێ نەدراوە لەلایەن نەخۆشەكەوە بە چارەسەركردنی.

چوارەم: ملكەچ بوون و پابەندی پزیشك بە ڕێساو بنەمای پیشەیی و زانستی:

بە هۆی گرینگی پیشەی پزیشكی لە كۆمەڵگاو ڕزگاركردنی ژیانی مرۆڤەكان كۆمەڵێك یاساو ڕێسا دانراوە لە وڵاتان تاكو پزیشكی لە میانەی پیشەكەی ملكەچیان بێت و پابەندبێت پێیەوە، بۆیە پابەندنەبوون بەم ڕێساو بنەمای زانستیانە دەبێتە هۆی مەترسی بۆ سەر گیانی نەخۆش و كۆمەڵگا و زیان گەیاندن بە ڕەوشی تەندروستی نێو كۆمەڵگادا، ئەگەر پزیشك پابەند بوو بە بنەماو ڕێسای پیشەكەی و سنوری نەبەزاند و زیادەڕەوی نەبوو ئەوە پیشەو كارەكەی ڕێگا پێدراو دروستە بەهەموو

دەرەنجامەکانیەوە بە بێ بەرپرسیاربوون، بەڵام ئەگەر سەرپێچیکرد وەك چارەسەرکردنی نەخۆش بە دەرمانێکی نەگونجاو یاخود ئەنجامدانی نەشتەرگەری بە هەڵە یاخود هەڵکێشانی ددانێك کە پێویست بە هەڵکێشان نەبووە لەم کاتەدا بەربارروو (ضامن) و بەرپرسیاردەبێت بەرامبەر پیشەکەی.

لە کۆتاییدا هەڵەی پزیشکی هەر کردەوەیەکی پزیشکە کە پێچەوانەی ڕێساکان و بنەما پزیشکییەکان بێت، یان پشتگوێخستنی ئەرکەکانی وریایی و ئاگاداری، بەجۆرێك زیان بە نەخۆش بگەیەنێت. یاسای عێراقی چەند نموونەیەکی هەڵەی پزیشکی دیاریکردووە وەك غەفڵەت، لاساری، بێ ئاگایی، نەبوونی پارێزگاری و پابەند نەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان، بەڵام شەریعەتی ئیسلامی بە ڕوونترو فراوانتر ئەم مەسەلەی ڕۆنکردۆتەوە، بۆیە پێویستە یاسا سوود لەم مەرجانە ببینێت بۆ یاسایەکی تۆکمە، وەك دەردەکەوێت، هەڵەی پزیشکی لە هەر سیستەمێکی یاساییدا بەپێی ڕێساکانی ئەو سیستەمە دیاری دەکرێت. یاسای عێراقی چەند نموونەیەکی گشتی هەڵەی پزیشکی ئاماژەی پێ کردووە، بەڵام دیاریکردنی ئەوەی کە کردەوەیەك هەڵەیە یان نا، پێویستی بە هەڵسەنگاندنی وردی هەموو ڕەهەندەکانی کەیسەکە هەیە.

## 5. بەرپرسیاربوونی پزیشك لە کاتی ئەنجامدانی هەڵەدا لە ڕوانگەی فیقهی هاوچەرخ و یاسای سزادانی عێراقی

### 5.1 بەرپرسیاربوونی پزیشك لە کاتی ئەنجامدانی هەڵەدا لە ڕوانگەی فیقهی هاوچەرخ

لە تێڕوانینی توێژەردا بەر پرسیاربوونی پزیشك لە کاتی ئەنجامدانی هەڵەدا لە ڕوانگەی فقهی هاوچەرخدا دەکرێت بە پۆلێنکردنی هەڵەی پزیشك بۆ دوو جۆر و شیکردنەوەی هەڵەو بەڵگەی بەرپرسیاربوونی:

1. هەڵەی پزیشکی لێزان:

پزیشکی زانا و کارامەو لێهاتوو لە میانەی جێبەجێکردنی ئەرکی پیشەی پزیشکی توشی ڕووداوێك هات و نەخۆشەکەش گیانی لەدەستدا، لێرەدا پزیشکە لێهاتوو کارامەو شارەزاکە بەر پرسیار نابێت و بەربار (ضامن) نابێت واتە لەبەرامبەر گیان لە دەستدانی نەخۆشەکە هیچ تۆڵەیەك لە نەخۆش ناکرێتەوە, بەڵام زانایانی شەریعەت کۆدەنگن لەسەر پێویست بوونی خوێنی نەخۆشەکە لەسەر هۆزی پزیشکەکە بەبەڵگەئەوەی مەبەستی پزیشکەکە لە میانەی جێبەجێکردنی ئەرکە پزیشکیەکەی نەگەیاندنی زەرەرو زیان بە نەخۆشەکە بەڵکو مەبەستی چارەسەری نەخۆشی نەخۆشەکە بووەو تاکو چاککبیتەوە لە دەردو پەتاو نەخۆشەیەکە، ئەنجامدانی هەڵەکەشی بە ئەنقەست نەبووەبەڵکو هەڵە ڕوویداوە.

ابن قدامة دەڵێت: خەتەنەکەر و چارەسەرکەرو ئەوکەسەی کەلەشاخ دەکات وەك پزیشك (ضمان)یان لەسەر نیە ئەگەر هاتوو لێهاتوو شارەزاو کارامە بوون بە پیشکەیان و سنوریان ئاساییان نەبەزاندبێت، بە گشتی ئەوانە ئەگەر بە فەرمان و مۆڵەتی نەخۆش کاریان بۆیانکرد (ضامن) نابن بە دوو مەرج:

یەکەمیان: پێویستە ئەوانە خاوەنی کارامەییەو لێهاتووی و شارەزابن لە پیشەکەیان و بەرچاوڕوونی و شارەزایی و زانیاریان تەواو هەبێت چونکە ئەگەر وانەبن نابێت دەست بۆ ئەم پیشەیە ببەن، ئەگەر ئەندامێك یان بەشێکی جەستەیان بڕی ئەوە کارەکەیان حەڕامکراوەو دەستەبەر (ضامن) دەبن.

دووەمیان: ئەگەر بە سنوربەزاندن نەبێت ئەو کارەی دەیکات و ئەو شوێن بڕێت کە پێویستە،

بۆیە ئەگەر ئەم دوو مەرجە هاتنە دی پزیشك دەستەبەر (ضامن) نابێت، چونکە پزیشك کە ئەندامێك دەبڕَێت بە مۆڵەتی نەخۆشەکە دەیکات، بۆیە (ضامن) نابێت لە ئەنجامدانیدا، وەك بڕینی دەستی دز لەلایەن پێشەوا (إمام) یان ئەنجامدانی کارێك دروست مۆڵەتدرابێت بۆ ئەنجامدانی، وە ئەگەر پزیشکەکە کارمەو شارەزا بوو لە پیشەکەیدا و لە ئەنجامدانی خەتەنەکردن زیاتری لە ئاستی ئاسایی خۆی بڕی لە ئەندامی نێرینەکەی یان بەشێکی یان شوێنێکی تری لە جیاتی بڕی ئەوەی (ضامن)ە لە هەموویدا چونکە ئەو بۆتە هۆی لە ناوچونی ئەندامێك، جیاوازی نیە لە (ضامن) بوونی پزیشك لە ئەنقەست بە بێ ئەنقەست(ابن قدامة، 1968).

پێشەوا مالیك دەفەرموێ: ئەوەی زانایان لەسەری کۆکن ئەگەر پزیشکێ منداڵێکی خەتەنەکردو زیاتری لە قەبارەی خۆی بڕی لە ئەندامی نێرینەکەی زەرەری پێگەیاند ئەوە دەستەبەر (ضمان)ەکەی (خوێنەکەی) لەسەر هۆزەکەیەتی، وە هەموو هەڵەیەك کە پزیشك بیکات یان سنور بەزاندن بێت بەڵام بە ئەنقەست نەبێت لەسەر هۆزەکەیەتی (مالك ، 1985).

مالکیەکان پزیشك بە دەستەبەر (ضامن) دانانێن تەنها لە کاتی سنوربەزاندن نەبێت، بۆیە ئەگەر پزیشك خەتەنەکەر خاوەنی کارامەیی و لێهاتوو بن ئەوکاتەی خوێنەکە لەسەر هۆزەکەیان دەبێت، بەڵام ئەگەر کارامەو شارەزاو خاوەنی زانست نەبێت سزا دەدرێت (الصاوي).

هیچ خوێنی لەسەر نیە ئەگەر مەبەستی پاك بوبێ هیچ شتێکی لەسەر نیە چونکە مەبەستی پزیشك چاکسازی و چارەسەر بووە هەوڵی خۆشی بەگەڕ خستووە کەم تەرخەمی نەکردووە بۆیە تۆڵەی لە کۆڵ دەبێتەو تۆڵەی خوێنیشی لەم حاڵەتەدا لە کۆڵ ئەبێتەوە.

زۆربەی زانایان دەڵێن لەسەر پزیشك پێویستە خوێنەکەی تەواو بدات بەپێچەوانەی "حەنەفیەکان کە دەڵێن: پێویستە کەوا نیوەی خوێنەکە بدات. بەڵگەی کۆی زانایان لەوەدا ئەوەیە کە ئەو پزیشکە هاوشێوەی ئەو کەسەیە کردارێکی هەڵە ئەنجام ئەدا کوشتن بە هەڵە ئەنجام ئەدا دەبێ خوێنێکی تەواو بدات بەڵام "حەنەفیەکان دەفەرموون ئەو نەخۆشە کە مردوە لەناوچوە بەهۆی کارێکە کە ڕێپێدراوە ئەوە پێویستە نیوەی خوێنەکە بدات.

توێژەر وای بۆ دەچێت ئەوەی کۆی زانایان بۆی چووینە لە دانی خوێنی تەواوی ئەکەوێتە سەرشان. چونکە ئەوڕایە بەرژەوەندی گشتی تێدایە وە لە توانای دایە کەوا ڕێگری پزیشکەکان بکات لەوەی کەمتەر خەمی نەکەن لەکاتی ئەنجام دانی پیشەکەیان و هەروەها ناچاریان بکە لەوەی ئاگادارو وشیاری تەواو بکەن لە کاتی چارەسەر کردن، بەتایبەتیش ئەگەر هاتوو زانیان هیچ کەمتەر خەمیەك لەلایەنی خۆیان (پزیشکەکان) تێ ناپەڕێ بەبێ دادگایکردن و لێپرسینەوەیەك لەپاشان ئەوا هاوشێوەی ئەو هەڵە کەوا ئاینی ئیسلام خوێنی تێدا واجب کردووە نەك کوشتنەوە, چونکە مرۆڤ بێگومان هەڵە ئەکات سەرباری ئەوەی کەوا هەرچەندە زانست و زانیاری بەرچاو ڕوونی هەبێت.

2. هەڵەی پزیشکی نەزان:

ئەگەر کەسێکی نەزان خۆی بە پزیشك ناساند لە هەمان کاتدا بە ناوی پیشەی پزیشکی چارەسەری نەخۆش بکات، لێرەدا هەموو زانایان یەکدەنگن کە پزیشکی

نەزان بەربار (ضامن) و بەرپرسیارە دەبێ بە گوێرەی ئەو زەرەرو زیانەی لە نەخۆشی داوە بە ناوی چارەسەرکردن بە بەڵگەی:

1. فەرموودەی پێغەمبەر ( دروودی خوای لـەسەر بێت) کە دەفەرمووێ: (مَنْ تَطَبَّبَ، وَلَمْ يَكُنْ بِالطِّبِّ مَعْرُوفًا، فَأَصَابَ نَفْسًا فَمَا دُونَهَا، فَهُوَ ضَامِنٌ) (أخرجه الدارقطني في السنن) واتە هەرکەسێك دەستکاری بواری پزیشکیدا بکات و لەو بوارە لێزان و شارەزا نەبوو، زیانی بە گیانێك یان ئەندامێکی لاشە گەیاند ئەوە بەربارو بەرپرسیارە. "ئیبن حەجەر" دەفەرمووێ: ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کەسێك خۆی بکاتە پزیشك بەرپرسیارە لەسەر لەناوبردنی گیانێك یان ئەندامێك، جا چ بەفەرمانی ئەو کارەکە کرابێ یان بە دەستی خۆی کردبێتی، بە ئەنقەست بێ یان هەڵە، وە یەك دەنگی زانایان وا دەخوازێ (الصنعاني، د.ت).
2. پێغەمبەر ( دروودی خوای لـەسەر بێت) فەرموویەتی: (مَنْ تَطَبَّبَ وَلَمْ يُعْلَمْ مِنْهُ طِبٌّ، فَهُوَ ضَامِنٌ) (أخرجه النسائي في السنن الكبرى، برقم 7005، 366/6) هەرکەسێك دەستکاری بواری پزیشکیدا بکات و لەوەو پێش کاری پزیشکی لێ نەزانرابێ.. ئەوە بەرپرسیار (ضامن)ە.ئەوەی دیارە لە فەرموودەکە ئەوەیە کە پزیشکی نەزان بەرپرسیارە لەوەی کە لەناوی بردووە، چونکە زۆری لەخۆی کردووە لە بواری پزیشکی و زانیاریشی نەبووە.
3. پێغەمبەر ( دروودی خوای لـەسەر بێت) فەرموویەتی: (أَيُّمَا طَبِيبٍ تَطَبَّبَ عَلَى قَوْمٍ، لَا يُعْرَفُ لَهُ تَطَبُّبٌ قَبْلَ ذَلِكَ فَأَعْنَتَ فَهُوَ ضَامِنٌ) (أخرجه أبو داود في السنن، برقم 4587، 195/4) واتە "هەر پزیشکێك کاری پزیشکی بۆ کەسانێك بکا کە پێشتر کاری پزیشکییان لێ نەزانیبێ و زیانی لێکەوتەوە ئەوە بەرپرسیارە." وە هۆی بەرپرسیاربوونیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی کارێکی کۆشندە بەبێ زانست وپسپۆڕی وزانیاری، وە لەم کارەیدا زەرەر و زیان کەوتۆتەوە بۆتە دەستدرێژی کار، بۆیە دەبێ بەربار بێ (ضامن)
4. لە ڕووی لۆژیك و هۆشیاریدا: پزیشك ئەگەر نەزان بوو، وە لاسایی پیشەی پزیشکیی کردەوە لەکاتێك کە پسپۆڕ و لێزان نەبوو لەو بوارە، ئەوە بێگومان دەبێتە دەستدرێژی کار، چونکە خۆی فریوداوەو پزیشك نەبووە، لە حاڵەدا نابێ دەستکاری بکا، چونکە بەرپرسە لەو زیانانەی کە لێی ئەنجامی کارەکەیدا دەکەونەوە، لەمەش دا پاراستنی گیان و بەرژەوەندی خەڵکی هەیە.

پاش نیشاندانی ڕەئیەکان و وتەکانی زانایان دەربارەی هەڵەی پزیشکی و لێکەوتەکانی و بەرپرسیارەتی پزیشك کە بە (ضمان) باسکراوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی دەستەبەر (ضمان) پەیوەستە بە سەرپێچیەکی ڕوون و ئاشکرا کە پزیشك لە پیشەکەی سنوری دەبەزێنێت، یان یەکێك کارێکی نا ئاسایی ئەنجامبدات لە پیشەی پزیشکی و ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە نەخۆش، بەڵام ئەگەر پزیشك ماف بدات بە پیشەکەی بە وردی و بە بێ پشتگوێخستن و فەرامۆشکردن کرد، پاشان زیان بە نەخۆش کەوت لە ئەنجامی پیشەکەی و لە دەرەوەی دەسەڵاتی پزیشك بوو ئەوە پزیشکەکە (ضامن) نابێت. چونکە شیفا بە دەست خوایەو پزیشکیش لە پیشەکەیدا مافی (ممارسە)کردنی پیشەکەی هەیە لە سنوری ڕێگە پێدراو، ئەو هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی ئەرکی پزیشکی کە لەسەر شانیەتی بەبێ کەموکوڕتی لە کاتی خۆیدا بە بێ فەرامۆشکردن، وەکو لە ( القاعدة الشرعية): "الواجب لا يتقيد بوصف السلامه" (ابن نجيم، 1999).

لە بڕیاری کۆمەڵەی (مجمع الفقه الإسلامي الدولي) کەسەر بە (منظمة المؤتمر الإسلامي) هاتووە دەربارەی (ضمان)ی پزیشك:

(مجلس مجمع الفقه الإسلامي الدولي التابع لمنظمة المؤتمر الإسلامي) کە لە خولی پازدەهەمی ساڵی 2004 لە سەڵتەنەی (عمان) بڕیاریداوە کە پزیشك (ضامن) دەبێت ئەگەر لە ئەنجامدانی کارێك زیان بە نەخۆش بگات لە چەند ڕویێکەوە ، وەك:

ئەگەر زیانێك بە نەخۆش گەیشت لەلایەن پزیشکێکی نا شارەزاو نا کارامەو نەزان بە پیشەی پزیشکی یان زیان بە شوێنێك گەیشت کە پزیشکە نەزانەکە کاری تێدا دەکرد.

ئەگەر کەسەکە مۆڵەت پێدراوی فەرمی نەبوو لەلایەنی تایبەتمەندەوە .

ئەگەر کارێکی بۆ نەخۆشێك کردبێت بە بێمۆڵەتی نەخۆشەکە.

ئەگەر فرتو فێڵی لە نەخۆش کردبێت.

ئەگەر هەڵەیەکی ئەنجامدابێت کە پزیشکی ئاسایی ئەنجامی نادات و بنەمای پیشەکەش ڕێگای پێنادات.

یان کەمتەرخەمی لە پشەکەدا کردبێت و پیشەکەی فەرامۆش کردبێت.

یان نهێنی نەخۆشی بڵاوکردبێتەوە بەبێ بوونی بە هانەی شەرعی.

یان ڕێگربووبێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکی پزیشکی بۆ فریاگوزاری سەرەتایی (قرار رقم 142 بشأن ضمان الطبيب صادر عن إن مجلس مجمع الفقه الإسلامي الدولي التابع لمنظمة المؤتمر الإسلامي المنعقد في دورته الخامسة عشرة بسلطنة عمان في 2004 المنعقد بتاريخ 6-11 مارس 2004م بمسقط سلطنة عمان).

لەم بارانەی سەرەوە پزیشك دەستەبەر (ضامن) دەبێت و بەرپرسیارە لە هەڵەکانی.

### 5.2 بەرپرسیاربوونی پزیشك لە کاتی ئەنجامدانی هەڵەدا لەیاسای سزادانی عێراق

بەپێی مادەی (35)ی یاسای سزادانی عێراقی، چەند نموونەیەك لە هەڵەی پزیشکی دیاری کراون، وەك:

1. غەفڵەت (الإهمال): واتە پشتگوێخستن یان فەرامۆشکردنی ئەنجامدانی کارێك کە پێویستە پزیشك ئەنجامی بدات
2. .لاساری (الرعونة): واتە ئەنجامدانی کارێك بە شێوەیەکی چرووپڕ و بێ پلان
3. .بێ ئاگایی (عدم الانتباه): واتە کەمتەرخەمی و بێ ئاگایی پزیشك لە ئەنجامەکانی کارەکەی.
4. نەبوونی پارێزگاری (عدم الاحتیاط): واتە پابەند نەبوون بە ڕێکارە پێویستەکانی پارێزگاری و سەلامەتی نەخۆش.
5. پابەند نەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان (عدم مراعاة القوانين والأنظمة): واتە پێشێلکردنی یاسا و ڕێنماییە تایبەتەکانی پزیشکی.

بەرپرسیارێتی پزیشك لە یاسای عێراقیدا ملکەچی ڕێساکانی گشتییە و هیچ دەقێکی تایبەت نییە بۆ بە تاوانبارکردنی، وە ملکەچی حوکمەکانی مادەی( 411)ی یاسای

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp75-86

سزادانە لە حاڵەتی مردندا، کە پەیوەستە بە کوشتنی بەهەڵە، و مادەی( 416) لە حاڵەتی برینداربوونی بەهەڵە و ئەو ئاڵۆزییانەی کە لێی دەکەوێتەوە.

مادەی ( 411)ی یاسای سزادانی عێراقی دەڵێت: "هەرکەسێك بەهۆی هەڵەوە ببێتە هۆی مردنی کەسێکی تر، بە زیندانی ماوەیەك کە لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت یان بە غەرامە سزا دەدرێت".( قانون العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969)

هەروەها مادەی (416) دەڵێت: "هەرکەسێك بەهۆی هەڵەوە ببێتە هۆی بریندارکردن یان ئازاردانی کەسێکی تر، بە زیندانی ماوەیەك کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێت یان بە غە رامەیەك کە لە 100 دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت"( قانون العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969).

لەبەر ئەوە، پزیشك بەپێی یاسای عێراقی بەرپرسیارە لە هەر زیانێك کە بەهۆی هەڵەی پزیشکییەوە ڕوویدات، چ ببێتە هۆی مردن یان برینداربوون یان ئاڵۆزی. ئەمەش وا دەخوازێت کە پزیشك زۆر بەوریایی و پارێزگارییەوە مامەڵە بکات و پابەندی ڕێساکانی پیشەکەی بێت، چونکە هەر لادانێك لێی دەبێتە هۆی بەرپرسیارکردنی بەپێی یاسا.

لە ئەنجامی پیشەی پزیشکی هەڵەی پزیشکی دروست دەبێت کە دەبێتە هۆی بەرپرسیارێتی پزیشك، ئەو بەرپرسیارێتییە تا چەند لە ئەستۆی پزیشکەکان دایە بۆیە بەوردکردنەوەی یاسا سزاییەکانی عێراق کە لە هەرێمی کوردستانیش بەرکارە سەبارەت بەو هەڵانەی کە پزیشک لەمیانەی بە جێگەیاندنی پیشەکەیان دێنە کایەوە ئاماژەکان بۆ ئەو بەرپرسیارێتییە ڕۆن نییە چونکە باسیان نەکردووە بۆیە پێویست بوو ئاماژە بە ڕێسا گشتییەکانی ئەم یاسایە بکرێت بە شێوەیەکی ڕوون و دیار .

لە بڕگەی دووەمی ماددەی( 41)ی ئەم یاسا هاتووە پزیشك بەرپرسیار نابێت لە هەڵە پزیشکیە نامەبەستەکانی بە پشت بەستن بە مادەی ( 41 ) "لا جريمة اذا وقع الفعل استعمالا لحق مقرر بمقتضى القانون ويعتبر استعمالا للحق"( قانون العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969) لە بڕگەی دووەم هاتووە "عمليات الجراحة والعلاج على اصول الفن متى اجريت برضاء المريض او ممثله الشرعي او اجريت بغير رضاه أيهما في الحالات العاجلة"( قانون العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969). بەڵام هەندێک دەقی دیکەی یاسایی لەسەر جێبەجێ دەکرێت ئەگەر بە ئەنقەست هەڵەی پزیشکی ئەنجام بدات، ئەگەر هەڵەی ئەنقەست ببێتە هۆی مردنی نەخۆش، ئەوە بەرپرسیارێتی تاوانەکە لە ملی پزیشکەکە دەبێت پشت بەستن بە مادەی ( 411 ) ی یاسای سزادان"من قتل شخصا خطأ او تسبب في قتله من غير عمد بأن كان ذلك ناشئا عن اهمال او رعونة او عدم انتباه او عدم احتياط او عدم مراعاة القوانين والانظمة والاوامر يعاقب بالحبس والغرامة أو باحدى هاتين العقوبتين.

وتكون العقوبة الحبس مدة لا تقل عن سنة وغرامة لا تقل عن ثلثمائة دينار ولا تزيد على خمسمائة او باحدى هاتين العقوبتين. اذا وقعت الجريمة نتيجة اخلال الجاني اخلالا جسيما بما تفرضه، عليه اصول وظيفته او مهنته او حرفته او كان تحت تأثير مسكر او مخدر وقت ارتكاب الخطأ الذي نجم عنه الحادث او نكل وقت الحادث عن مساعدة من وقعت عليه الجريمة او عن طلب المساعدة له مع تمكنه من ذلك."

هەرکەسێک بە هەڵە کەسێک بکوژێت یان ببێتە هۆی مردنی بەبێ مەبەست، لە ئەنجامی کەمتەرخەمی، بێباکی، نەبوونی وریا، یان پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێسا و فەرمانەکان، سزا دەدرێت بە زیندانیکردن و غەرامەکردن، یان بە یەکێک لە... ئەم دوو سزایە. وە سزاکە بریتیە لە زیندانیکردن بۆ ماوەی ساڵێک کەمتر نەبێت و غەرامەکردن کە لە سێ سەد دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج سەد دینار زیاتر نەبێت، یان یەکێک لەم دوو سزایە. ئەگەر تاوانەکە لە ئەنجامی پێشێلکارییەکی تاوانبارەکە ڕوویدابێت کە لێی داواکراوە، ئەوا ملکەچی بنەماکانی کارەکەی، پیشەکەی، یان پیشەکەی دەبێت، یان لە کاتی ئەنجامدانیدا لە ژێر کاریگەری مادەیەکی سەرخۆشکەر یان مادەی هۆشبەردا بووە ئەو هەڵەیەی کە بووەتە هۆی ڕووداوەکە، یان لە کاتی ڕووداوەکەدا خۆی لە یارمەتیدانی ئەو کەسەی کە تاوانەکە لەسەری ڕوویداوە یان داوای هاوکاری بۆ بکات لەکاتێکدا توانیویەتی ئەوە بکات.

وە ئەگەر هەڵەی ئەنقەستی پزیشک ببێتە هۆی تێکچوون یان زیان پێگەیاندن بە ئەندامی جەستەی نەخۆش، ئەوە بەرپرسیاری هەڵەکە لەسەر پزیشکە کە جێبەجێ دەبێت، وە هەڵەی پزیشکی زیانی هەمیشەیی یان کەمئەندامی لێکەوتەوە، سزاکە بریتییە لە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت پشت بەستن بە مادەی ( 416 ) ی یاسای سزادان"كل من احدث بخطئه اذى او مرضا بآخر بأن كان ذلك ناشئا عن اهمال او رعونة او عدم انتباه او عدم احتياط او عدم مراعاة القوانين والانظمة والاوامر يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على ستة اشهر وبغرامة لا تزيد على خمسين دينارا او باحدى هاتين العقوبتين. وتكون العقوبة الحبس مدة لا تزيد على سنتين اذا نشأ عن الجريمة عاهة مستديمة او وقعت نتيجة اخلال الجاني اخلالا جسيما بما تفرضه عليه اصول وظيفته او مهنته او حرفته او كان تحت تأثير مسكر او مخدر وقت ارتكاب الخطأ الذي نجم عنه الحادث او نكل وقت الحادث عن مساعدة من وقعت عليه الجريمة او عن طلب المساعدة له مع تمكنه من ذلك او ادى الخطأ الى اصابة ثلاثة اشخاص فاكثر."

هەر کەسێک بە هەڵە زیان یان نەخۆشی بۆ کەسێکی تر بگەیەنێت، جا ئەوە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی، بێباکی، نەبوونی خۆپارێزی، یان پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێسا و فەرمانەکان بووبێت، سزا دەدرێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کە لە شەش ساڵ زیاتر نەبێت مانگ و غەرامەکردن کە لە پەنجا دینار زیاتر نەبێت، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە.

زیادبوونی حاڵەتەکانی کەمئەندامی هەمیشەیی و مردن لە ئەنجامی هەڵەی پزیشکی کە بە لادان لە پەیڕەو و بنەماکانی پیشەکە دەکات، پێویستی بە خێراکردنی هەموارکردنەوەی یاسای سزادان و توندکردنەوەی بڕگەکانی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگرێک بۆ ئەو کەسانەی کە بێباکانە ژیانی هاوڵاتیان پشتگوێ دەخەن.

بۆیە بۆچوونی یاسای سزادانی عێڕاقی ڕوون نیە، لەگەڵ ئەوەی پێویست بوو زۆر واقعیانەو ڕوون بێت بەبەراورد بە شەریعەتی ئیسلام، هەر لەبەر ئەمەشە پەرلەمان دەبێت یاسای بەرپرسیارێتی پزیشکی یاسایی(قانون المسؤولية الطبية) دەربکات، هەروەها لیژنەی ناوەندی پێکبهێنێت بۆ وەرگرتنی سکاڵا لەسەر هەڵەی پزیشکی، بەو پێیەی عێراق یاسایەکی گشتگیری نییە بە بەراورد لەگەڵ پەرەسەندنی بەرپرسیارێتی پزیشکی یاسایی لە زۆربەی وڵاتاني جیهان.

لە کۆتاییدا توێژەر لەم لێکۆڵینەوە بۆی دەردەکەوێت کە پزیشکی لێهاتوو شارەزاو کارامە لەو زیانانەی بە نەخۆش گەیشتووە لێپێچینەوەی لەگەڵ ناکرێت ئەگەر بەبێ دەسەڵاتی ئەو ڕوویاندابێت، وەك ئەگەر نەخۆش مرد بە هۆی چارەسەری پزیشکەکە و پزیشکەکەش ڕێگا پیدراوبێت لەلایەن نەخۆشکەوە بۆ چارەسەری وە هەڵەی

پزیشك نەبوو لە میانەی پێدانی چارەسەر بە نەخۆشەكە بەڵكو زیانەكە بە هۆی ئەنجامی شتێك بووە كە لەبەرچاو نەبووە.

بەڵام توێژەر وای بۆ دەچێت لەم سەردەمەدا كە تەكنەلۆجیا لەپەڕی پێشكەوتن و بە هێزی دایە پێویستە چاوخشاندنێكی سەرتاسەری بكرێت بۆهەڵەی پزیشكی چونكە بە هۆی بوونی جۆرەها ئامێری پێشكەوتوو بۆ چاودێریكردن و جێبەجێكردنی كارەكانی پزیشكی دەبێت ڕێژەی هەڵەی پزیشكی زۆر زۆر كەمتر بێت و بەرەو ئاستێكی زۆر كەم بێتەوە هیچی تر نەبنە قوربانی هەڵەی پزیشكی چونكە تەكنەلۆجیا لەم بوارەدا هیچ بەهانەیەكی بۆ هەڵەكردن نەهێشتۆتەوە بە تایبەتی پاش هاتنی ڕۆبۆت و ئامێرە هەستەوەرەكان بۆ ناو بواری پزیشكی و ئەنجامدانی كارەكان بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی، بۆیە لەم سۆنگەوە پێویستە وڵاتانی جیهاند دووبارە چاو بخشێنەوە بۆ سزاكانی پزیشك لە كاتی ڕوودانی هەڵەكان و توندكردنی ڕێكارەكان بە پێی ئەو پێشكەوتن و واقعەی تێیدا دەژین لەم سەردەمەدا تاكو نەخۆش وەكو كاڵایەكی بێ بەها سەیرنەكرێت بەڵكو ماف و ڕێزی تایبەتی خۆی لێبگیرێت هەروەكو خوا پێبەخشیوە.

## 6. كۆتایی

### 6.1 دەرەنجامەكان

1. هەڵەی پزیشك بریتیە لە دەرچوون لە بنەماكانی پیشەی پزیشكی و تەندروستی یان هەر كارو ڕەفتارێك لە میانەی ئەنجامدانی چارەسەری پزیشكی كە لەلایەن پزیشك ببێتە زیان گەیاندن بە نەخۆش بە ئەنقەست بێ یان بێ ئەنقەستی خراپ بێت بە هەڵەی پزیشكی دادەنرێت.
2. لە ڕوانگەی فیقهی ئیسلامیەوە چەند مەرجێك دانراوە بۆ بەرپرسیاربوونی پزیشك لە كاتی ڕوودانی هەڵە لە میانەی بەجێگەیاندنی ئەركی پزیشكی وەك لێهاتووی و كارامەیی و زانیاریی و زانستی پزیشكی و سنور نەبەزاندن و لەو ئەندازەیی مۆڵەتی پێدراوەو وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆش بۆ چارەسەركردن و ملكەچ بوون و پابەندی پزیشك بە ڕێساو بنەمای پیشەیی و زانستی.
3. زانایان كۆدەنگن لەسەر دەستەبەر (ضمان) پەیوەستە بە سەرپێچیەكی ڕوون و ئاشكرا كە پزیشك لە پیشەكەی سنوری دەبەزێنێت، یان كارێكی نا ئاسایی ئەنجامبدات لە پیشەی پزیشكی و ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە نەخۆش.
4. ئەگەر پزیشكێكی پسپۆڕو لێزان هەڵە كرد بەبێ ئەنقەست و بووە گیان لە دەستدان ئەو خوێنباییەكەی لەسەر هۆزەكەیەتی، ئەگەر زیانی بە نەخۆش گەیاند بە پێی زیانەكە قەرەبووی نەخۆشەكە دەكاتەوە.
5. ئەگەر پزیشكێكی پسپۆڕو لێزان هەڵە كرد ئەگەر بە ئەنقەست و بووەهۆی گیانلە دەستدانی نەخۆشەكەش ئەوە تۆڵە ی لەسەرە.
6. هەڵەی ئەنقەستی پزیشک ببێتە هۆی تێكچوون یان زیان پێگەیاندن بە ئەندامی جەستەی نەخۆش، ئەوە بەرپرسیاری هەڵەكە لەسەر پزیشكە كە جێبەجێ دەبێت.
7. بۆیە بۆچوونی یاسای سزادانی عێراقی ڕوون نیە، لەگەڵ ئەوەی پێویست بوو زۆر واقعیانەو ڕوون بێت بەبەراورد بە شەریعەتی ئیسلام.

### 6.2 ڕاسپاردەكان

1. پیشەی پزیشكی واتە پاراستنی گیانی مرۆڤایەتی بۆیە پێویستە یاساو ڕێساكانی توندتر بكرێت بۆ دووربوون لە یاری كردن بە گیانیان وچاودێریكردنی زیاتری تۆرینگە ونەخۆشخانەكان بە میكانزمێكی تەكنەلۆژی تاكو هیچ زیانێك ڕوونەدات.
2. پێویستە بەبەردەوامی دەوڵەت چاودێری نوێگەری پزیشكی بكات لە جیهان و دەستەبەركردنیان بۆ پزیشكەكان لە ڕێگای فێركاری ورد و ئاگاداریان بكاتەوە لە بەرپرسیاریەتی هەڵەو كەمتەرخەمی.
3. دابینكردنی كەلوپەلی نوێ و تازەی پزیشكی بە ستاندەری جیهانی لەلایەن دەوڵەتەوە.
4. لەم سەردەمەدا كە تەكنەلۆجیا لەپەڕی پێشكەوتن و بە هێزی دایە پێویستە چاوخشاندنێكی سەرتاسەری بكرێت بۆهەڵەی پزیشكی چونكە بە هۆی بوونی جۆرەها ئامێری پێشكەوتوو بۆ چاودێریكردن و جێبەجێكردنی كارەكانی پزیشكی دەبێت ڕێژەی هەڵەی پزیشكی زۆر زۆر كەمتر بێت.
5. پێویستە وڵاتانی جیهان دووبارە چاو بخشێنەوە بۆ سزاكانی پزیشك لە كاتی ڕوودانی هەڵەكان و توندكردنی ڕێكارەكان بە پێی ئەو پێشكەوتن و واقعەی تێیدا دەژین لەم سەردەمەدا تاكو نەخۆش وەكو كاڵایەكی بێ بەها سەیرنەكرێت.
6. بۆچوونی یاسای سزادانی عێراقی ڕوون نیە، لەگەڵ ئەوەی پێویست بوو زۆر واقعیانەو ڕوون بێت بەبەراورد بە شەریعەتی ئیسلام، هەر لەبەر ئەمەشە پەرلەمان دەبێت یاسای بەرپرسیارێتی پزیشكی یاسایی(قانون المسؤولية الطبية) دەربكات،.
7. لیژنەی ناوەندی پێكبهێنێت بۆ وەرگرتنی سكاڵا لەسەر هەڵەی پزیشكی، بەو پێیەی عێراق یاسایەكی گشتگیری نییە بە بەراورد لەگەڵ پەرەسەندنی بەرپرسیارێتی پزیشكی یاسایی لە زۆربەی وڵاتاني جیهان.

## سەرچاوەكان

ابن المنذر، محمد بن إبراهيم. (2004). الإجماع. الرياض: دار المسلم.
ابن الهمام، محمد بن عبد الواحد. (1938). شرح فتح القدير على الهداية. مصر: مطابع مصطفى محمد.
ابن خلدون، عبد الرحمن بن خلدون. (١٩٩٢). تاريخ ابن خلدون (الإصدار 1). بيروت: دار الكتب العلمية.
ابن رجب، عبد الرحمن أحمد. (د.ت). ذيل طبقات الحنابلة. المملكة العربية السعودية: مكتبة العبيكان.
ابن سينا، الحسين بن علي. (1999). القانون في الطب. بيروت: دار الكتب العلمية.
ابن عبدالبر، يوسف بن عبد الله. (2000). الاستذكار. دار الكتب العلمية: بيروت.
ابن قدامة، عبد الله بن أحمد. (1968). المغني. القاهرة: مكتبة القاهرة.
ابن قيم، محمد بن أبي بكر. (1994). زاد المعاد في هدي خير العباد. بيروت: مؤسسة

الرسالة.

ابن منظور، محمد بن مكرم. (2004). لسان العرب بيروت: دار صادر.

أبو داود، سليمان بن الأشعث. (2003م). سنن أبي داود. بيروت: دار الكتب العلمية.

أبو هيف، علي صادق. (1932). الدية في الشريعة الإسلامية، رسالة دكتوراه. القاهرة: جامعة الأزهر.

الأصبحي، مالك بن أنس. (1985). الموطأ. بيروت: دار إحياء التراث العربي.

البخاري، محمد بن إسماعيل. (2002). الجامع المسند الصحيح. بيروت: دار طوق النجاة.

البهوتي، منصور بن يونس. (1993). شرح منتهى الارادات. الرياض: دار عالم الكتب للطباعة والنشر والتوزيع.

البهوتي، منصور بن يونس بن صلاح الدين ابن حسن بن إدريس البهوتى. (1983). كشاف القناع عن متن الإقناع. بيروت: دار الكتب العلمية.

الجرجاني، علي بن محمد. (1983م). التعريفات. بيروت: دار الكتب العلمية.

الجوزية، محمد بن أبي بكر بن أيوب ابن قيم. (د.ت). الطب النبوي. بيروت: دار الفكر.

الجوهري، فائق. (1997) المسؤولية الطبية في قانون العقوبات، دار الجامعة الجديدة للنشر، الإسكندرية.

حسني،محمود نجيب.(1988) شرح قانون العقوبات - القسم الخاص، دار النهضة العربية القاهرة.

الحموي، علي بن عبد الكريم. (1995). الأحكام النبوية في الصناعة الطبية. القاهرة: مطبعة مصطفى البابي الحلبي وأولاده.

الدارقطني، علي بن عمر. (2004). السنن. بيروت: مؤسسة الرسالة.

الذنون. حسن علي، (1991) المبسوط في المسؤولية المدنية، الجزء الأول، شركة التايمس للطبع والنشر، بغداد.

السرخسي، محمد بن أحمد. (1993). المبسوط. بيروت: دار المعرفة.

السنهوري، عبد الرزاق. (2000). الوسيط في شرح القانون المدني الجديد نظرية الالتزام. بيروت: منشورات الحلبي الحقوقية.

الشافعي، محمد بن إدريس. (1990). الأم. بيروت: دار المعرفة.

الشربيني، محمد بن أحمد الخطيب. (1994). مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج. بيروت: دار الكتب العلمية.

شرف الدين، أحمد شرف الدين. (1987). الأحكام الشرعية للأعمال الطبية. بيروت: دار الفكر العربي.

الصاوي، أحمد بن محمد. (د.ت). حاشية الصاوي على الشرح الصغير. الاسكندرية: دار المعارف.

صحراوي، فريد. (2005). الخطأ الطبي في مجال المسؤولية المدنية، مذكرة لنيل شهادة الماجستير في الحقوق جامعة الجزائر. الجزائر: كلية الحقوق بن عكنون.

الصنعاني، محمد بن إسماعيل. (د.ت). سبل السلام. بيروت: دار الحديث.

علاء لدين، عبد العزيز بن أحمد. (د.ت). كشف الأسرار شرح أصول البزدوي. القاهرة: دار الكتاب الإسلامي.

عودة، عبد القادر. (2000). التشريع الجنائي الإسلامي مقارنا بالقانون الوضعي. بيروت: مؤسسة الرسالة.

الغرناطي، محمد بن يوسف العبدري. (1994). التاج والإكليل لمختصر خليل. بيروت: دار الكتب العلمية.

الفيروزآبادى، مجد الدين أبو طاهر. (2005). القاموس المحيط ط8. بيروت: مؤسسة الرسالة.

الفيومي، أحمد بن محمد. (د.ت). المصباح المنير في غريب الشرح الكبير. بيروت: المكتبة العلمية.

قانون العقوبات العراقي رقم (111) لسنة (1969)

قايد. أسامة عبد الله، (1990) المسؤولية الجنائية للطبيب، دار النهضة العربية، القاهرة.

القرطبي، محمد بن أحمد. (2004). بداية المجتهد ونهاية المقتصد. القاهرة: دار الحديث.

الكاساني، أبو بكر بن مسعود. (1986). بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع. بيروت: دار الكتب العلمية.

كنعان، أحمد محمد. (2000). الموسوعة الطبية الفقهية. بيروت: دار النفائس.

رايس، محمد. (2007م). المسؤولية المدنية للأطباء في ضوء القانون الجزائري. الجزائر: دار هومه للطباعة والنشر والتوزيع.

المصري، ابن نجيم. (1999). الأشباه والنظائر على مذهب أبي حنيفة النعمان. بيروت: دار الكتب العلمية.

منظمة المؤتمر الإسلامي مجمع الفقه الإسلامي الدولي. (المنعقد بتاريخ 6-11 مارس 2004). قرار رقم 142 بشأن ضمان الطبيب صادر عن مجلس مجمع الفقه الإسلامي الدولي التابع لمنظمة المؤتمر الإسلامي المنعقد في دورته الخامسة عشرة. مسقط: سلطنة عمان.

السومرية نيوز، صحة كردستان: إعتقال ثلاثة من الكوادر الطبية نتيجة خطأ طبي. https://www.alsumaria.tv/news/202914

Abstract

This research discusses the scientific aspects of the responsibility for medical errors, punishments, and the legal deficiencies and gaps in the penal law regarding medical errors that occur during medical surgeries. The aim is to clarify the meaning of medical error and the responsibility of the doctor during the treatment patients, the occurrence of medical error, and to focus on the conditions, principles and criteria that scholars have set. As well as the evidence they relied on for the doctor's responsibility for any harm or damage that befalls on the patient as a result of an error from the perspective of Iraqi penal law and Islamic Sharia. This research applies analytical method to analyze the position of Islamic jurisprudence and the opinion of Iraqi law on medical errors, highlighting legal articles from the perspective of jurisprudence. It uses the evaluation method to assess the legal articles in Iraqi laws from the perspective of Islamic Sharia. Therefore, this research concludes that medical errors, in some cases, the doctor is not responsible and in others he is responsible. The state of responsibility has several levels according to the level of negligence and lack of attention by the doctor. The doctor's responsibility or lack thereof depends

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp75-86

on the level of association with a set of specific mechanisms for regulating medical work in contemporary Islamic jurisprudence and penal law, analyzing the penal law, evaluating and identifying deficiencies, and proposing solutions to this problem.

Keywords: Errors, Physicians, Modern Islamic Jurisprudence, Normal Punishments, Analysis.